

## تەنیا ئەحمەد

راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دووکان:

# بە پێکهاتەیەکی تۆکمەوە بەشداری لە خولەکانی کوردستان دەکەین



شارۆچکەی دووکان ژمارەیەکی زۆر وەرزشکار لە خۆ دەگرێت و لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی چەندین وەرزشکاری بەتوانایە، تیپی تۆپی پێی کچانی دووکانیش یەکێکە لەو تیپانەی کە لەسەر ئاستی کوردستان خاوەنی ژمارەیەك یاریزانانی بەتوانایە.

تەنیا ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری دووکانە و یەکێکە لەو ئافرەتە وەرزشوانانەی کە رۆڵێکی باڵای راهێنەرایەتیی لە ناوچەکە هەیە، خاوەنی بڕوانامەی( C)ی ئاسیاییە، لە هەمان کاتیشدا یاریدەدەری تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی یانەی دووکانە، وەك گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە دیمانەیەکمان لەگەڵدا سازکرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی






*** چۆن بوو بواری ڕاهێنەریت هەڵبژارد؟**

- حەزو خولیام بۆ بواری وەرزشی وای لێکردم کە ئەم یارییە هەڵبژێرم.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- ڕاستە، قورسە بەڵام هەوڵدان و کۆڵنەدان دەبێتە هۆی گەیشتن بە لوتکە. لە ئێستاشدا شارەکەم پێویستی پێمە، لە بەر ئەوە سەرکردایەتیی فوتساڵی کچانی دووکانم گرتۆتە ئەستۆ.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە لە دووکان تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەیت؟**

- من ئێستا تیپی کچانی دووکانم دروست کردوە، لە ساڵانی ئایندە بە پێکهاتەیەکی تۆکمەوە بەشداری لە خولەکانی کوردستان دەکەین.

*** ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- خولی نایابی کچان ساڵانە ئەنجام دەدرێت، ئاستی یاریی تۆپی پێی کچانیش زۆر بەهێزە و لە ئاستێکی بەرزدایە، ساڵانە یانەکانیش بۆ دەستەبەرکردنی نازناوەکە کێبڕکێی زیاتر دەکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

- لە قوتابخانەکانەوە گرنگی بە کردنەوەی خولی کچان بدرێت، دواتر بۆ فێرگەکان و یانەکان بەردەوام خولی فوتساڵ بکرێتەوە و مامۆستایانی وەرزش هاندەری کچان بن، تا تواناکانی خۆیان نەشارنەوە.

*** وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار بەرنامەت چییە؟**

-دەمەوێت تیپێکی تۆکمەی کچان دروست بکەم و بەشداری خولەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات بکەم.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك هیواو ئاواتت چییە؟**

- هیوام وایە لە داهاتوودا شارەکەم بێتە یەکێك لە شارە پاڵەوانەکانی وڵات.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە هاتوونەتە نێو بواری ڕاهێنەری؟**

- داواکارم کچان بەردەوام بن و کۆڵنەدەن، هیچ شتێك کاریان لێ نەکات و واز لە حەز و خولیاکانیان نەهێنن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- ئومێد دەکەم لە نێوان کچان و کوڕان جیاوازی نەکرێت، گرنگیی زیاتریش بە کچانی وەرزشکار بدرێت، لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەك ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ئێمە ڕێگرە لە کچان تا یاریی تۆپی پێ بکەن، هیواخوازم پشتگیری کچان بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر بێنە پێش، خێزانەکانیش لە ئاست کچان کەمتەرخەم نەبن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەردەوامیی خزمەتکردنتان بە شارەکانی کوردستان و بەسەرکردنەوەی ئافرەتانی وەرزشکار بە بێ جیاوازی.

# کۆڤان حەسەن بەردەوامە لە کۆکردنەوەی مەدالیا

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەڵبژاردەی عێراقی (کۆڤان حەسەن) بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە لوتکە و کۆکردنەوەی مەدالیای جۆراوجۆر لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکان، لە دوایین بەشداریکردنیشی لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیی مەراکیش لە وڵاتی مەغریب، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق وەکو تاکە یاریزانی کورد بەشداربوو کە ٣٥٠یاریزان لە زیاتر لە ٣٣وڵاتی جیهان بەشدارییان لە کێبڕکێیەکاندا کردبوو، کۆڤان حەسەن توانی لەو پاڵەوانێتییەدا دوو مەدالیای زیو بەدەست بهێنێت، هاوکات لە هەردوو کێبڕکێی هاوێشتنی رم و پارسەنگ-یش بەشداری کردبوو، توانی پلەی دووەم لە هەر دوو یارییەکەدا بەدەست بهێنێت، لە یاریی هاوێشتنی رم، توانی بە درێژایی ٣٨مەتر و٨٠سم رم بهاوێت، لە پارسەنگیش ١٠مەتر و ٧٠سم بوو، لەم پاڵەوانێتیەدا کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بوو، کێبڕکێی بەهێز لە نێوان یاریزاناندا هەبوو، بڕیاریش وایە لە داهاتوو کۆڤان حەسەن بەشداری لە کێبڕکێی ئۆلۆمپیاتی تۆکیۆ بکات، بۆیە ئامادەکاری بۆ ئەویش دەکات، کۆڤان حەسەن وەکو تاکە یاریزانی کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چەندین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی و ئۆلۆمپیات بەشداری کردووە و خاوەنی چەندین ریکۆردی جیهانییە، بەردەوامیش هەوڵدەدات تا ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنێت.





# پەروەردەی بەردەڕەش نازناوی
# پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکانی هەرێمی بەدەستهێنا

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی تۆپی باڵەی کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندن و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر لە ئەمساڵدا پاڵەوانێتی تۆپی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێمی ئەنجام دا، کە تێیدا هەریەك لە پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، هەڵەبجە، کەرکووك، شێخان، بەردەڕەش، خانەقین) لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە و کەرکوك بۆ ئاستی پۆلی (١٠تا١٢)ی ئامادەیی بەشدارییان کرد. یارییەکان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی داخراوی شەهید فەرەنسۆ هەریری و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە سەرپەرشتیاران و هاندەرانی وەرزشی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەدا هەریەك لە پەروەردەکانی کەرکووك و بەردەڕەش گەیشتنە قۆناخی کۆتایی، لە یاریی کۆتاییشدا کوڕانی هەردوو تیپی یاریی فیناڵ بە درێژایی یارییەکە توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و خاڵ لە دوای خاڵ تۆماربکەن، سەرئەنجامیش کوڕانی پەروەردەی بەردەڕەش کە بە ئاستێکی بەرز یارییان دەکرد و ئەزموونی باشیان هەبوو، توانییان یارییەکە بە ئەنجامی (٣-١)گێم لە کوڕانی پەروەردەی کەرکووك ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، پەروەردەی کەرکووك و خانەقینیش پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا، لە کۆتاییشدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووی پەروەردەییەوە خەڵات و دیاری بە سەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکاندا دابەشکرا.

# دهۆک هەوڵی گەڕانەوە بۆ خولی عێراق دەدات

هەرچەندە ماوەی چەند وەرزێکە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك لە خولەکانی عێراق دوورکەوتەوە و نەیتوانی وەکو پێویست بەشداربێت، ئێستا جارێکی دیکە یانەکە هیوای وایە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ خولی عێراق و هاندەرانی ئاشت بکاتەوە، لەم بارەشەوە (محەممەد عەلی) بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا بە فەرمی هیچ هەنگاوێمان نەناوە بۆ ئەوەی بتوانین بەشداریی خولی عێراقی بکەین، ئەوەی هەیە تەنیا هەوڵدانە تا بتوانین بەشداری بکەین، جگە لەوەش پێنج بۆ شەش یاریزانی پیشەگەر لە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) سکاڵایان لەسەر یانەی دهۆك تۆمار کردووە و داوای مافی خۆیان دەکەن، کە بڕی گرێبەستەکانە، تاکو ئەو پارانەش بە یاریزانەکان نەدرێت لە سکاڵاکانی خۆیان ناکشێنەوە، ئێستا هەوڵێك لە فیفا هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم یاریزانانە گفتوگۆ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوانیان کە لە نێویاندا یاریزانی پیشەگەری سووری و عێراقی هەیە، تاکو سەرجەم گرفتەکانیشمان چارەسەر نەبێت، یانەی دهۆك ناتوانێ بەشداریی خولی عێراقی بکات.»

بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشکرد کە ماوەی مانگێکە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی عێراقی، تاکو ئێستاش گرفتەکان وەکو خۆیان ماون و کارگێڕیی یانەش لە هەوڵی خۆی بەردەوام دەبێت، ئەگەر یانەی دهۆکیش گرفتەکانی چارەسەر بێت، ئەوا دەبێت جارێکی دیکە لە خولی پلە یەکەکانی عێراقی دەست پێبکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتەوە خولی پلە نایابی یانەکانی عێراق، گوتیشی: «تۆپی پێی یانەی دهۆك لە خولی عێراقی و لە ماوەی رابردوودا ناوێکی دیار بووە، بەڵام گرفتە داراییەکان ڕێگریی زۆریان کردووە و هۆکاربوون لەوەی تیپەکە لە خولە گەورەکەی عێراق داببڕێت، بۆیە تیپەکە هەموو هەوڵێکی بۆ بەشداریکردن بووە لە خولی کوردستان، بەڵام ئێستا بەرنامەی ئەوەیان هەیە لە هەردوو خولەکەدا بەشداربن.»





## گۆڕانکاری لە سیستەمی جامی شا و سوپەری ئیسپانیا کرا

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بۆ یەکەمجار گۆڕانکاری لە کات و ژمارەی یانەکان و شێوازی بەڕێوەچوونی جامی شا و جامی سووپەری ئیسپانیا دا ئەنجامدا.
یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بە ئامادەبوونی سەرۆك و نوێنەری سەرجەم یانەکان و بە کۆی زۆرینەی دەنگ بڕیاریان دا جیاواز لە ساڵانی پێشووتر جامی سووپەری ئیسپانیای وەرزی داهاتوو بە بەشداریی ٤ یانە بەڕێوەبچێت.
ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە یارییەکانی قۆناخی پێش کۆتایی جامی سووپەری ئیسپانیا لە رۆژی ٨ــی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بەڕێوە دەچێت، یاری کۆتایی جامی سووپەری ئیسپانیاش لە رۆژی ١٢ــی هەمان مانگ دەکرێت.
لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوە کراوە، کە ڕێککەوتنێك لەگەڵ وڵاتی سعوودییە کراوە بۆ ٦ ساڵی داهاتوو یاری کۆتایی جامی سووپەری ئیسپانیا لە سعوودییە دەکرێت.
لە بارەی یارییەکانی جامی شای ئیسپانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا یارییەکانی جامی شا تا قۆناخی پێش کۆتایی بە یەك یاری بکرێت، یارییەکەش لە یاریگای ئەو یانەیە بکرێت، کە لاوازترە و لە پلەکانی خوارەوەی ریزبەندییە، یاریی کۆتایی جامی شا لە ١٨ــی نیسانی ٢٠٢٠ بەڕێوە بچێت.
یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە وەرزی نوێی لالیگا لە ١٨ــی ئاب بەڕێوە دەچێت و لە ٢٠٢٠/٥/٢٤ تەواو دەبێت.

## جیهان لە چاوەڕوانی دە گـ

بە گوێرەی میدیاکانی ئەوروپا، ١٠ یاریزان زۆرترین قسە و باسیان لێ دەکرێت و پێشبینی ئەوە دەکرێت لە گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا نرخی فرۆشتنیان ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ تێپەڕێنن.
١-پۆل پۆگبای فەرەنسی لە لایەن یانەی ریال مەدرید داواکراوە و بە گوێرەی میدیاکان پۆگبا حەز دەکات بۆ وەرزی داهاتوو لەژێر سەرپەرشتی زیدان یاری بکات و بۆ ئەم مەبەستەش مینۆ رایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی راسپاردووە تا گواستنەوەکەی بۆ تەواو بکەن. پێشبینی ئەوەش دەکرێت تێچووی گواستنەوەی پۆگبا بۆ ریال مەدرید لە نێوان ١٢٠ تا ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ بێت.
پۆگبا لە هاوینی ٢٠١٦ لە یۆڤانتۆسەوە بە بەهای ١٠٥ ملیۆن یۆرۆ روویکردە مانچیستەر یونایتد، ئەم وەرزە لە کۆی ٤٤ یاری لەگەڵ یانەکەی ١٦ گۆڵ و ١١ ئاسیستی کردووە.
٢- زۆربەی میدیاکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زیدان و هازارد هەردووکیان ئارەزووی ئەوە دەکەن بە یەکەوە کار بکەن. هازارد یەکێکە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی ریال مەدرید، کە تەنیا یەك ساڵی لە گرێبەستەکەی لەگەڵ چێلسی ماوە و پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ئەم وەرزە فلۆرێنتینۆ پێرێز بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە لەندەنییەکە هەڵبوەشێنێتەوە بەرەو سانتیاگۆ بیگوازێتەوە، چونکە ئەگەر چێلسی رازی نەبێت دەبێت بۆ وەرزی داهاتوو بە خۆرایی و بێبەرامبەر دەستبەرداری هازارد بێت.
٣- دیبالا لە یوڤێنتۆس ئاسوودە نییە بەتایبەتی لەم وەرزە لەگەڵ هاتنی کریستیانۆ لە پێکهاتەی سەرەکی دوورخراوەتەوە، میدیاکانی ئیتالیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە بەرپرسانی یۆڤانتوس دەیانەوێت دیبالا بفرۆشێت و بە گواستنەوەی محەمەد سەلاح شوێنەکەی پڕ بکەنەوە لە ئەگەری شکستهێنان لە گواستنەوەی هێرشبەرە میسرییەکە، راستەوخۆ بە گواستنەوەی جوا





# ـــــــەورەترین گرێبەستە لە وەرزی داهاتوودا

فێلیکسی هێرشبەری یانەی بێنفیکا قەرەبووی فرۆشتنی دیبالا دەکەنەوە، نرخی فرۆشتنی دیبالا لە نێوان ١٠٠ تا ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ مەزەندە کراوە و نزیکترین یانەش لە دیبالا (ئەرسناڵ و مانچستەر یۆنایتد)ـە.

دیبالا ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان زیاتر وەك یاریزانی یەدەگ بەشداریی لە ٣٩ یاری کردووە، ١٠ گۆڵ و ٦ ئاسیستی هەیە.

٤- یانەی بەنفیکا لە ترسی یانە گەورەکانی ئەورووپا ١٢٠ ملیۆن یۆرۆی کردۆتە مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی جوا فێلیکس، کە بە کریستیانۆی نوێ ناسراوە، هەریەك لە یانەکانی بایرن میونیخ و یۆڤانتۆس و ریال مەدرید رکابەری بەهێز دەکەن بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەم وەرزە ئەم هێرشبەرە لاوە تەمەن ١٩ ساڵە بگوازنەوە، کە ئەم وەرزە لە کۆی ٣٩ یاری ١٨ گۆڵ و ١٠ ئاسیستی کردووە.

٥- هەموو ئاماژەکان دەرکەوتووە، کە نیمار لە پاریس سانت جێرمان ئاسوودە نییە، لە دوایین یاریش دوای لەدەستدانی نازناوی جامی فەرەنسا، هێرشبەرە بەرازیلییەکە پەلاماری هاندەرێکی دا و لە ژووری جلگۆڕینیش هێرشی کردۆتە سەر یاریزانەکانی یانەکەشی.

بە گوێرەی میدیاکان پاریس سانت جێرمان بەهۆی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی یاسای خاوێن پێشبینی دەکرێت دەستبەرداری چەند ئەستێرەیەکی بێت لە نێویاندا نیمار، کە خواستی ڕۆیشتنی بۆ ریال مەدرید هەیە و ڕەنگە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بگاتە ٢٠٠ ملیۆن یۆرۆ.



٦- یانەی ناپۆلی بە فەرمی لە ترسی یانە گەورەکان نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خالیدۆ کۆلیبالی بەرگریکاری سەنیگالی بۆ ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ زیاد کردووە، مانچستەر یۆنایتد لەسەر گواستنەوەی ئەم یاریزانە کێبڕکێی ریال مەدرید دەکات، زێدان کۆلیبالی کردۆتە ئامانج لە ئەگەری لەدەستدانی رافایل ڤاران.

٧- ریال مەدرید پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دانییل لیفی سەرۆکی یانەی تۆتنهام هەیە و هاوشێوەی لوکا مۆدریچ و گاریس بەیل بە نیازە لە کۆتایی ئەم وەرزە کریستیان ئێریکسنیش بگوازێتەوە و قەرەبووی هەڵکشانی تەمەنی مۆدریچ بکاتەوە، گرێبەستەکەی بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ تەواو دەبێت.

٨- چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ریال مەدرید جەخت لەوە دەکەنەوە ڤاران لە ریال مەدرید ئاسوودە نییە و دەیەوێت بڕوات و بچێتە یانەکانی مانچستەر یۆنایتد یان چێڵسی، لە بەرامبەردا پێرێز بڕیاریداوە بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ڤاران بێت، یەکەمین بژاردەش بۆ شوێنگرەوەی ئەم یاریزانە خالیدۆ کۆلیبالی سەنیگالییە.

٩- گومان دەکرێت، کە ڕۆیشتنی کۆتینهۆ لە کۆتایی ئەم وەرزە ڕوودات بەوپێیەی کۆتینهۆ هێشتا نەیتوانیوە شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی و لە نێو دڵی هاندەرانی یانەکەش بکاتەوە، هەریەك لە یانەکانی مانچستەر یۆنایتد و چێڵسی بۆ گواستنەوەی لەسەرهێڵن.

١٠- گاریس بەیل ئەم هێرشبەرە وێڵزییە لە ئێستاوە زۆرترین قسەی لە بارەوە دەکرێت، سەرەکیترین بەربژێرە بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەم وەرزە لە ریال مەدرید بڕوات، پێشبینی دەکرێت بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ درێسی مانچستەر یۆنایتد بپۆشێت.